# وانەیەک لە سپێدەوە

نەژاد عزیز سورمێ

ئەی ئێستا،
(ئێستا)ی لە تاراوگەی ڕەهاوە هاتوو
وەک قسە سادە و قووڵەکانی منداڵان..
خەیاڵی ئێوارە خەمبارەکانی ئاو و
کەزیی ئەستێرە دارژاوەکان دەکەی..
نیگەرانییەکی برووسکەدار
بەسەر ڕۆژ و مانگ و ساڵمان تێدەپەڕێ..
زەماوەندێک بوو
قەسیدەی
بە کڵاوڕۆژنەی کۆڵێتان
بەردەدانەوە..

ئەی ئێستا!
سوڵتانی ون بووی بیابانان..
کەشتی بێ چارۆگە،
نامۆی لەگەڵ ئاودا ئێشکگر..
شەوی گڕگرتووی
جەستەی ڕووتی
ئاوازە جەنازەییە کلۆڵەکان..
لەوێ،
لە بەرزایی وەحشەتناکی ئیرۆتیکادا
بوارێکی دژوار چاوەڕێمانە
دەنگ و ڕەنگی
لە بۆشایی مێینەتیدا دەلەرێنەوە..

ئەی ئێستا!
گوایە تێشتت لە هەزارمێرد و
فراقینت لە چەرمۆدا خواردووە و
شەو لە مەیخانەکانی ئووردا
مەست بووی..
کوا؟
کوا تێزی ئیرۆتیکا؟
کوا باڵای ئەبەنووسیی
ساقییە چاوکاڵەکان،
زرنگانەوە و کێشمانەی شارستانییەت کوانێ؟



ئەی ئێستا!
بە کەنارێکدا دەڕۆین
تاریکیمان بەپێش کەوتووە..
تاریکیمان لە دوو دەڕوا..
هاوارمان،
لە هاواری ناو مۆتەکان دەچێ..
بە هەناسەبڕکێی خۆمان ڕادەپەڕین،
بێدار دەبینەوە.

ئەی ئێستا!
مێینەتی مێژوو چی لێ هات؟
پیاوەتی جوغرافیا کوانێ؟
بە سۆزی (ئێستا)ی ئەوساوە
گوڵێکمان بداتێ..
ماچێکمان بکا،
لە ڕووناکییەوە هەڵێنجرابێ
کە ئێستا،
پەرچەمی بەردەداتەوە
تەنیا ڕەشایی
لە ئاوێنەدا دەبینێ..
ئەوە تۆی ئێستا
ئیرۆتیکیانە
لەسەر کلیلی ژەنگاوی
بانکەکان
بە دیار گۆڕی
چەندجار هەڵدراوەی مێژوو و
نگینی چێژ ڕاکشاوی..
بیر لە ئاگرەی دەبەنگایەتی دەکەیەوە..
**
پڕشنگی خۆر
بەناو قژی ئاڵۆزکاودا
دەچێتەوە سەر
ئەو تووڵە ڕێیانەی
بانگی پەرستگایانی ناگاتێ..
(ئێستا) لەوێدا
بە هێمنی،
غەریبانە گیان دەسپێرێ..
لەوساوە وێنەی لێچووەتەوە
لەوساوە
بە لاپرسەنی نەدیتکان
لەگەڵ ئاودا دەنوێ و
لەگەڵ ئاودا
خۆی بە تاشەبەرد و
ڕەگی سپیدارەکانی کەنار دادەدا

ئەنکیدۆیانە
بە جەستەی ژنێکی ڕاکشاو هەڵدەخەڵەتێ..
لەوساوە (ئێستا)
بووە بە مەملەکەتێکی کەس بە کەس نەبووی
بێ تەخت و بێ ناوونیشان..
لە غەفڵەتی بارانی ئێواران و
ئاسمانەی نەسیمێکی لەریو
لە شەوێکی نووتەک دەکا..
هەرهەرایەتی مردووانی
تێدا زیندوو دەبێتەوە.
**
ئەی ئێستا!
وێنەی هاوچەرخی دێرینی
لە خوێنێکدا گەوزاو
ڕەنگدانەوەی مانگە
بە ئاسمانی تۆراوەوە،
لەو ئاوێنانەی
لە شەڕەکاندا شکێنران و
لە دیمەنێکی نەدیتراودا
(ئێستا)ی دێرین
دێرینی (ئێستا)
دەدەنەوە..

ئەی ئێستا!
تۆ نووکە ڕووناهییەکی سپی
بە لووتکە بێباک و ماندووەکانەوە شۆڕ دەبییەوە..
گەردانەیەکی پچڕاوی
بەسەر جەستە ڕاکشاوەکان وەربووی..
جوانییەکی،
نە لار دەبێتەوە، نە دەشکێتەوە..
بەڵام هەرگیز ساف نابێتەوە..
ئەوە دووکەڵی پەرت بووی سپێدەدەمانی شارە
لە نهێنی هەڵدێ
بچێتەوە ناو نهێنی..
خەون بە خەونەوە دەبینێ..
ئاهەنگ لە ئاهەنگدا دەگێڕێ..
گریان بەگریان دێنێ..
لەوێ
لە پەژمووردەیی جەستە ئیرۆتیکاییەکاندا،
لەبن باخەڵی سۆزاوی مێینایەتیدا
ژیان گوناهێکی بەردەوامە
لە پرسیارە بێ وەڵامەکان..
شێوازێکە لە شێتیی
بەناو هارمۆنیای ڕەنگە گەرمەکانی

تابلۆیەکدا تێدەپەڕێ،
ڕووت..
ئاسوودە..
دڵخۆش بە کورتە خەونەکان..
دڵخۆش بەو ئایکۆنانەی
نە وێنەی دێرینیان پێوە ماوە
نە ڕووناکی ئێستا!!
ئەی ئێستا!
بۆشاییە
بۆشاییە
بۆشاییە (ئێستا)
بە ڕووباران خوێنی
لەبەر دەڕوا..
دەشتە بە پێتەکانی سۆمەر
لە (ئێستا)ی ئەوسادا
لە قووڵایی سەقامگرتووی زەوی
دەگێرسێتەوە..
شەوی بۆیەکراو بە خۆڵ و خاشاکی
شەقامی مەیخانەکان
بە تریفەی وەهم دەدرەوشێنەوە..

ئەی ئێستا!
تاجە گوڵینەی
وەسوەسەی جەستە پاڵکەوتووەکان!
مەرۆ.. بمێنەوە
شەبەنگی ئەبەدییەت
بە کوێریش دەبینرێ..
چاو،
هێزی بینین
لە ڕووناکی نا
لە زەردەخەنەی خوداوەندان وەردەگرێ..
قەسیدە بە ڕێگاوەن..
ئێش..
لەززەت..
هێڵە چەماوەکانی ئیرۆتیکا..
ئاسمان و زەوی
سێبەری شارستانییەتیان
حەشار داوە..

ئێوارەت باش
پەلکەزێرینەی هەوکردوو!
ئێوارەت باش
بێدەنگی دێرین!
هێزی تۆ
لە (ئێستا)وە هاتووە
(ئێستا)ی دێرین،
دوا قسەی بە گوێی
دار و درەختان دەچرپێنێ..
ئەمە ئەو (ئێستا)یەیە
ڕۆژانە لە دێرینی دەخوازین
تا لە باڵ (ئێستا)ی ئێستای بکەین
ئەو سرووتە نەخشە بۆ کێشراوانەیە
ڕۆژانە دووبارەی دەکەینەوە..
ئەو قووڵکە بەردانەن
لێمان بوون بە گۆڕستانی
بارانە مردووەکان..
لێمان بوون بە دروشمی ئەفسانان
لە گۆشەگیرییەکی خۆڵەمێشیدا کۆ دەبنەوە
نیگایان لەو چاوانەیە
گلێنەیان تیا نەماوە
خاچی تێدا بچەقێنن..
ڕێ لە پەپوولەی بناران و
کارمامزی دوندان بگرن..

ئەی ئێستا
خۆش بوو هەمیشە
بە گەنجیمان دیتبای
گەرم.. بە شەنگ..
ئەفسووس
نە (ئێستا)ی ئێستای
نە ئێستای دێرین
خۆت دیوە
بەناوی گەشت
بەناوی ئایندە
بەناوی هەناسەی کوێستانان
سواری چ کەشتییەکی ڕەشیان کردووی
دەتبەن
لە بەحری زوڵوماتدا بەجێت دێڵن..
قاقای پێکەنینیان
دەریایان تەی دەکا
ئۆقیانووسان دەبڕێ..
دریغ تۆیش
ئێستایەتی خۆت
لە ئێستادا نەکرد..
ئەی ئێستا!
سوڵتانی بێ تەختی ون بووی لمی بیابانان.

**حوزەیرانی / ٢٠١٧**